پەیامی قیبلە

پەیامی ئیسلام (١)

زنجیرەی
٢٧

# گفتوگۆیەکی هێمن

## لەنێوان عومەر عەلی و پیاوێکی ئیسپانیدا

## بەرشەلۆنە



د.عومەر عەلی

٢٠١٩

زنجیرە (٢٧)

# گفتوگۆیەکی هێمن لەنێوان عومەر عەلی و پیاوێکی ئیسپانیدا بەرشەلۆنە

# پەیامی ئیسلام (١)

د. عومەر عەلی
٢٠١٩

پەیامی قیبلە
رۆشنبیریی گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان

ناوی کتێب: گفتوگۆیەکی هێمن لەنێوان عومەر عەلی و پیاوێکی ئیسپانیدا - پەیامی ئیسلام ١

نوسەر: عومەر عەلی

دیزاینی ناوەوەو بەرگ: توانا ئەحمەد

چاپخانە:

تیراژ:

نرخ:

ژمارە ( )ی ساڵی ( )ی
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی پێدراوە

بسم الله الرحمن الرحيم

پێش ئەوەی بقونمە ناو باسەکەوە، بەسەرهاتێکی واقعی باس دەکەم، لە بەریتانیاوە بە سەیارە بۆ کوردستان دەڕۆشتین، لەگەڵ برایەکی بەڕێزم بەناوی دکتۆر ماکوان عەلی، کە ئێسە لە سلێمانیە، جا پیاوێکی خۆش مەشرەب، عەزیز لە دڵمدا، سەفەرمان زۆر پێکەوە کردوە، هەردەم ئارەزوی زیاتریش دەکەین پێکەوە، لە ئیتالیا رێگەمان لێ هەڵەبو، شەبەکەی جی پی ئێسەکەمان نەما، لە هەرکێ پرسیارمان دەکرد ئینگلیزیان نەدەزانی، زۆر ماندو بوین، سەیارەکەمان کەرەڤانەشی پێوە بو، یەکەمجارمان بو کەرەڤانە بە سەیارە رابکێشین، زۆر ئەزیەت بو، دکتۆر ماکوان تۆزێك عەسەبی ببو، منیش هەر بە فیشقیات گرتبوم، وەستا تا رۆشتم پرسیارێکم کردو گەڕامەوە، ئەو زۆر بە جدی چاوەڕێی وەڵام بو، منیش بە قاقاو پێکەنین گەڕامەوە بۆلای، وتی چ بو؟ وەڵامت دەستکەوت، وتم نا! ئەی بۆ وا پێدەکەنیت! وتم بیر لە شتێك دەکەمەوە! وتی چ؟ وتم لە کوردستان دەڵێن: هەرکەس ئینگلیزی بزانێت لە هیچ کوێ پەکی ناکەوێت! ئەوە ئێمە ئینگلیزی دەزانین و ئێستە پەکمان کەوتوە! ئیتر

بـو بە نوکتـە لـە نێوانمانـدا ئـەو قسـە تـا ئێسـتە، جـا هەرجـار دوای ئـەوە کـە دەڵێـن زمانـی ئینگلیـزی گرنگـەو هەرکـەس بزانێـت پەکـی ناکەوێـت، مـن کۆمەڵێـك وڵات هەڵـدەدەم کـە رۆشـتوم و پەکـم کەوتـوە! یەکێـك لـەو وڵاتانـە ئیسـپانیایە.

بـۆ کارێکـی ئەکادیمـی رۆشـتم بـۆ زانکـۆی بەرشـەلۆنە، دوای گەشـتنم بـە بەرشـەلۆنەو ئیسـراحەت، لـە هوتێـڵ رۆشـتمە دەرەوە بـۆ نانخـواردن، هـەروا چـاوم دەدا بـۆ مەتعەمێکـی حـەڵاڵ، قەرەباڵغیەکـی ئێجـگار زۆر بـو، پیاوێکـی پیـر تەمەنـی حەفتـا سـاڵ دەبـو کەوتـە بەردەمـم، بـە گۆچانێکـەوە بـە سـوکی دەڕۆشـت، گەنجێـك بـە خێـرای رایکـرد بـگات بـە پاسـێکدا قاچـی بـەر گۆچانـی پیاوەکـە کـەوت، گەنجەکـە نەوەسـتا دیـم پیاوەکـە کـەوت، هـەروا سـەیرم دەکـرد گەنجەکـە بگەڕێتـەوە، کەچـی گوێـی نـەدا، پیاویـش بـەلادا کەوتـوە، خـوا نـەکات کـەس گوێـی پـێ بـدات، هەرکەسـم دەدی خۆیـان لـێ لادەدا، منیـش هـەر کوردانـەی و هـەر بـە کوردیـش وتـم دەسـتت بێـرە باوەلـێ گیـان، خـوا عەوزەڵـی بوڕێـت ئـەو گەنجـە وا ئـاوا بەجێـی هێـڵای، هەڵـم سـاندو گۆچانەکـەم دا بـە دەسـتیەوە، منیـش هـەر بـە کـوردی و وەك وابێـت کـورد بێـت قسـەم دەکـرد، فەقیـر واقـی وڕمابـو، وەك بڵێـی ئـەم کەسـە کـێ یـەو ئـەم زمانـە چـی یـە، هـۆکاری کـوردی قسـەکردنەکەش ئەزمونـی سـەفەری تـرم هەبـو لـە ئیسـپانیاو تەسـەورم نەکـرد ئـەو کابـرا ئینگلیـزی بزانێـت، جـا کـە ئینگلیـزی نەزانێـت ئیتـر جیـاوازی چـی یـە تـۆ بەهـەر زمانێـك قسـە بکەیـت، هـەروا هـات بـە دەممـا بـە ئینگلیـزی وتـم: بابـە گیـان تـۆ باشـیت؟ بینیـم دەگـری! دەسـتی تونـد گرتـم، بـە ئینگلیزیەکـی جـوان وتـی، چەنـد خـۆش بـو ئـەو وشـە، هەمـو ئازارەکانـی لەبیـر بردمـەوە، یەکسـەر لـە مەعاناتـی تێگەشـتم، چـون بـە دەگمـەن بـدەم بـەلای پیرێکـداو قسـەی

لەگـەڵ نەکـەم، چـاك دەیانناسـم چەنـد فەراغـی ڕۆحیـان هەیـە، کـەس نایـان دوێنێـت، لـە ناچاریـدا سـەگ بەخێـو دەکـەن و دڵـی پێخـۆش دەکەن، چـون سـەگەکە ناچـارە لەگەڵـی بمێنێتـەوە، هـەم بەسـتراوەتەوەو هەمیـش ئـەوەی لـەوێ دەسـتی دەکەوێـت لـە دەرەوە دەسـتی ناکەوێـت! وتـم بابـە گیـان مـن بـەدوای مەطعەمـدا دەگەڕێـم ئیسـراحەت بکـەم و نـان بخـۆم، ئەگـەر قبوڵـم بکەیـت پێکـەوە دەبیـن! بـە پەشـۆکاوی و هێشـتا فرمێسـکەکانی وشـك نەببویـەوە وتـی: تـۆ بەڕاسـت وا دەڵێیـت؟ وتـم ئەڵبـەت ئەگـەر متمانـەم پـێ بکەیـت، قۆڵـم کـرد بـە قۆڵیـاو ڕۆشـتین و گەشـتینە مەطعـەم، نانمـان داواکـردو پێکـەوە کەوتینـە گفتوگـۆ.
مامـە پیـرەی ئیسـپانی: دەتوانـم پرسـیارێك بکـەم؟ چـون ئـەو پرسـیارە بەردەمـی سـەری گرتـووم و ناهێڵێـت تەرکیـزم لای شـتی تـر بێـت، خـۆ ڕێکخراوێـك نـی یـە بـۆ پاراسـتنی پیـرە پیـاو، تـا بڵێـم تـۆ لـەو ڕێکخـراوە کار دەکەیـت!.
عومـەر عەلـی: بـۆ خۆمـان دانیشـتوین، لـەم دۆخـە هێمنتـر دەستناکەویت بـۆ گفتوگـۆ، بـە دڵ ئـاگام لای قسـەکانت دەبێـت، وەك کوڕێکـی خـۆت قسـەم لەگـەڵ بکـە.
مامـە پیـرەی ئیسـپانی: ئەگـەر وەکـو کـوڕی خـۆم قسـەت لەگـەڵ بکـەم کەواتـە تـۆ ناتەوێـت گـوێ بگریـت! مـن کوڕەکانـم گوێیـان لـێ نەگرتـم و ٢ کـوڕو ١ کچـم هەیـە بەحسـاب، تەنهـا سـارەری کچـم نەبێـت دەزانـم لـە دۆسـلدۆرفە (ئەڵمانیـا)، ئەوانـی تـر هـەر نازانـم لـە کوێـن، ٢٥ سـاڵە کوڕەکانـم هـەر نەدیـوە، کچەکەشـم شـەش حـەوت سـاڵ جارێـك ئەگـەر بـۆ سـەفرە بێتـە بەرشـەلۆنە سـەرێکم لـێ بـدات و کارتێکـم پـێ بـدات، هەمـوی هـەر ئەوەیـەو ئەسـڵەن کاتژمێرێکیـش لەگەڵـم نامێننـەوە.
عومـەر عەلـی: دەسـتیم تونـد گـرت، ببـورە بەداخـەوەم گوێـم لـەم

گێڕانـەوە دەبێـت، کـە پڕیەتـی لـە موعانـات، بـەڵام کـە وتـم وەك کـوڕی خـۆت، بـە ڕۆحیەتیەکـی دینیـەوە وام وت، کـە لـە دینەکـەی ئێمـەدا هاتـوە بەرانبـەر بـاوك نابێـت ئۆفێکیشـیان بەرانبـەر بکەیـن و دەبێـت زۆر بـە نـەرم و نیـان بیـن لەگەڵیـان (فَلَا تَقُل لَّهُمَا أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَـوْلًا كَرِيمًـا) الأسـراح ٢٣.

مامـە پیـرەی ئیسـپانی: ئـەوە چ دینێکـە وا بـەو شـێوە تـۆ دەقەکەشـیت لەبـەرە!

عومـەر عەلـی: دینێکـە پێـی دەوترێـت (الاسـلام) واتـە ملکەچـی بـوون بـۆ خـوا، ئـەو خوایـەی کـە نـاوی (اللە)یـە، مانـای تریشـی هەیـە واتـە ئاشـتی، پەیامبەرەکەشـی نـاوی (محمـد)ە مانـای پـێ بەخشـراو، کتێبەکەشـی نـاوی (فورقـان)ە واتـە جیاکردنـەوە حـەق لـە ناحـەق.

مامە پیرەی ئیسپانی: ئەوەی بەرانبەر باوك وتت لەو کتێبەدا هاتوە؟

عومـەر عەلـی: بەڵـێ، حـەز دەکەیـت هەندێکـت لـە فورقانـت بـۆ بخوێنـم و شـەرحی دەکـەم بـۆت؟

مامـە پیـرەی ئیسـپانی: ئـەوەی لەسـەر بـاوك وتـت ناخـی منـی هەژانـد، پێـم خۆشـە زۆرتـری لـێ ببیسـتم.

عومـەر عەلـی: بسـم اللە الرحمـن الرحیـم (أَفَمِنْ هَٰذَا ٱلْحَدِيـثِ تَعْجَبُـونَ ٥٩ وَتَضْحَكُـونَ وَلَا تَبْكُـونَ ٦٠ وَأَنتُـمْ سَـٰمِدُونَ ٦١ فَٱسْـجُدُوا۟ لِلَّهِ وَٱعْبُـدُوا۟ ۩ ٦٢ ) النجـم واتـە: ئایـا لـەم وتـە کـە قورئانـە سـەرتان سـوورِ دەمێنـێ؟. وە پێدەکەنـن و ناگریـن. وە ئێـوە سـەر گـەرم و بـێ ئـاگان. دەی سـوژدە بـەرن بـۆ خـواو پەرستشـی بکـەن. ئـەم ئایەتانـە کـە عەرەبێکـی دەشـتەکی بـۆ یەکەمجـار گوێـی لـێ بـو، سـەری خسـتە سـەر زەوی بـۆ خـواو تەسـلیم بـوا! ئەوە چ دەکەیت! چ دەکەیت نەکەوێت! بوەستە تا دەستت بگرم.

مامـە پیـرەی ئیسـپانی: تـۆ مەگـەر ناڵێـی سـەربخەنە سـەر زەوی بـۆ خـوا؟

دەمەوێت ئـەوە بکـەم! سـەربخەمە زەوی بـۆ ئـەو خوایـەی منێکـی پیـری لەبیـر نەچـوە.
عومـەر عەلـی: (سـەری خسـتە زەوی بـەڵام نەمزانـی چـی گـوت) تـۆ سـوجدەت بـرد دەبێـت زیاتـر باسـی ئیسـلامت بـۆ بکـەم، بـەڵام پێـم خۆشـە هەندێـك باسـی دینـی خـۆت و ژیانـت بکەیـت پێـش ئـەوەی مـن باسـی بکـەم بـۆت.
مامـە پیـرەی ئیسـپانی: باسـی چیـت بـۆ بکـەم؟ ئیشـکردن، تۆپێـن، سـەرگەرمی دونیـا، ژیـان بەبـێ سـۆز، هەرکـەس بـۆ خـۆی، دیـن، بـاج و دەرامـەت و خانوبـەرە، لـە کوێـوە دەسـتپێ بکـەم!
عومـەر عەلـی: هەمـوی پێـم خۆشـە لـە زمانـی تـۆوە گوێبسـتی بـم و تۆمـاری بکـەم.
بەڵام ئەوە نانەکە هات با نانەکەمان بخۆین

مامـە پیـرەی ئیسـپانی: گـەر بگەڕێمـەوە بـۆ سـەرەتاکانی ژیانـم ئێمـە خانەوادەیەکـی هـەژار بویـن، باوکم لەگـەڵ خـۆی دەیبـردم بـۆ کار، باسـی رابـردوی بـۆ دەکـردم، کـە ئەویـش لـە باوکیـەوە بیسـتبوی، ژیانـی ئێمـە پێشـتر وا نەبـوە، ئێسـتە ئەوەتـا دەبینـی بـە روکـەش جـوان و رەونەقدارە، بـەڵام وردبیتـەوە دیـوی نـاوەوەی جیـاوازە.
عومەر عەلی: پێم خۆشە ئەو جیاوازیەم بۆ باس بکەیت.
مامـە پیـرەی ئیسـپانی: بـۆ نمونـە تـۆ ئێسـتە ئـەم باڵەخانانـە دەبینـی، هەمـوی هـی سـەرمایەدارەکانە، خەڵکـی ئاسـایی هەمـو ژیانـی سـەرف دەکات بـۆ ئـەوەی تەنهـا بتوانێـت شـوقەیەکی هەبێـت تێیـدا بـژی، مـن لـە ژیانـی خۆمـدا ٣ جـار شـوقەم کڕیـوە، هیـچ کامیـان نەمتوانیـوە ببـم بـە خاوەنـی، چـون پێـش ئـەوەی پارەکـەی بدەمـەوە بـە تـەواوی، بـێ

ئیـش بـوم و نەمتوانیـوە قیسـتەکانی بـدەم، لێـرەش کـەس پـارە نـادات بەکـەس، بانکیـش بـەزۆر هاتـون و فرۆشـتویانەو خانوەکـەم لەدەسـت چـوە، بـەردەوام ئەوەنـدە سـەرقاڵی دانـەوەی قەرزیـن، وەك قـەرزی خانـو، سـەیارە، مـاڵ و شـتومەت، جـا چ نـە! ئیتـر ناتوانیـن و دەرفـەت نـی یـە بیـر لـە ژیـان بـە دروسـتی بکەینـەوە، ئەوەنـدە مانـدوی دەسـتی ئیـش و کەئابـە دەبویـن بـە خواردنـەوە هەندێـك جـار لەبیـری خۆمانمـان دەبـردەوە، تـا تەمەنمـان بەسـەرچوو، ئێسـتەش ئەوەتـا چاوەڕێـی ڕەحمی کەسـێکی گەشـتیارین.

عومـەر عەلـی: دەزانیـت ئـەو سسـتمی بانـک و ریبـا کـە ئێـوە بـەو شـێوە دەناڵێنـن پێـوەی، پێـش ١٥٠٠ سـاڵ هەبـوە، کـە ئیسـلام هـات لـە قازانجـی هـەژاردا ریبـای حەرامکـرد، تـا سـەرمایەدار هـەژار نەچەوسـێنێتەوە.

مامـە پیـرەی ئیسـپانی: لـە باوکـم هەندێـك لـەوەم بیسـتوە بـەڵام بەباشـی لەیـادم نەمـاوە، ئێمـە بەشـێوەیەك سـەرقاڵی ئـەم ژیانەبویـن دەرفەتـی بەراوردکاریمـان نەبـێ، دینیـش لەناوماندا وەك نـاو مـاوە، بـڕۆ کەنیسـەکان چۆڵـە، تەنهـا بیناکان مـاون، رۆحـی تێـدا نـی یـە، دینیـش گـەر تێکەڵـی ژیـان نەبێـت و سـودی بـۆت نەبێـت، تەنهـا هـەر بیرکردنـەوە لـە خـوا ئـاوی دڵ نـادات بـە تـەواوی، مـن بـاوەڕم هـەردەم هەبـوە بەخـوا، چـون نەمتوانیـوە بـاوەڕم پێـی نەبێـت، بـەڵام هەرگیـز نەبیسـتوە خـوا ئەو خوایـە، کـە تـۆ پەکـت کـەوت منداڵەکـەت نابێـت ئۆفـت بەرانبـەر بکات و دەبێـت گوێشـت لـێ بگرێـت و نـەرم ونیانیـش بێـت لەگەڵـت! هـەر ئـەوە بـۆ مـن بـەس بـو کـە بزانـم ئـەوە خوایـە، ئێسـتە تـۆ دەڵێـی لەگـەڵ چینـی هەژاریشـە، ئـەوەش کـە بـۆت خوێنـدم ئـەوەی وتـی نابێـت بـێ ئـاگا بیـت و دەبێـت سـەربخەیتە سـەر ئـەرز، هەسـتم کـرد ئـەوە ڕاسـتیە بۆیـە کـردم.

عومـەر عەلـی: مـن خـۆم حـەزم لـە یـاری و ئـەو شـتانە نـی یـە، تەنهـا

کاسی جیهانی کۆتا یاریەکەی سەیر دەکەم، بەڵام گەنجەکانی ئێمە زۆر سەرسامن بە یانەکانی ئیسپانیاو لەسەر دیوارەکان ناوی میسی دەنوسن، تۆ هەرگیز یاریت کردوە؟
مامە پیرەی ئیسپانی: یاریش یاریەکە بۆ خەڵك سەرقاڵ کردن، وە بازرگانیەکی گەورەیە، من لێرە گەر سەیری یاریەکیشم کردبێت ئەو حەفتە تێر نانم نەخواردوە بەهۆی گرانی یەوە، ئێمە تا خانەنیشن دەبین دەرفەتی هیچمان نی یە هەر راکە راکە نەبێت، رۆژ دەژمێرین تا کەی خانەنشین بین و ئیسراحەت بکەین، کە خانەنشینش بووین رۆژ دەژمێرین کە کەی لەم ژیانە نەجاتمان ببێت، بە تایبەت کەسێکی وەك من وە زۆربەشی هەروایە.
عومەر عەلی: تۆ رۆژێك لە رۆژان ئیسلامت نەبیستوە؟
مامە پیرەی ئیسپانی: جارێکیان رۆشتم بۆ تورکیا دەنگێکی بەرزم بیست، جێگەی سەرنجم بو، پرسیارم کرد وتم ئەوە چی یە؟ وتیان ئەوە بانگردنە بۆ نوێژ، وەك زەنگی کەنیسە، دەنگەکەی رۆحی بو لام، دەوەستام و گوێم دەگریت تا تەواو دەبو، تێنەدەگەشتم بەڵام هەستی ئارامی پێ دەبەخشیم، نەمدەزانی شتی وای تێدایەو حساب بۆ هەتا پیریش دەکات.
لە میدیاکانیشەوە بیستومە بۆ نا، بەڵام دەڵێن خەتەرن نزیکیان نەبنەوە، من یەکەمجار بمزانایە تۆ مسوڵمانیت لەگەڵت نەدەهاتم بۆ مەطعەم، کە ئەو دەقەت وت، ئەوەی پەیوەست بو بە منەوە، ئەوسا هەستم کرد ئەوە قسەی مرۆڤەکان نی یە، چون مرۆڤەکان تا گەنجیت و وزەت تیایەو سودیان هەیە بۆت لەگەڵتن! خۆزگە ٥٠ ساڵ پێش ئێستە کەسێك ئەم قسانەی بەم هێمنیەوە بۆ بکردایەم.
عومەر عەلی: جا ئەو کات ئەو ئایەتە کاریگەری لەسەر دروست

دەکردیـت ؟ کـە گەنـج بویـت.
مامـە پیـرەی ئیسـپانی: ئەگـەر وەك ئێسـتە تێبگەشـتایەم لـەو بڕوایـەدا نیـەم قبوڵـم نەکردایـە.
عومـەر عەلـی: بـا فەرموودەیەکـی پێغەمبەریشـمان محمـد درودی خـوای لەسـەر بێـت بـۆت بڵێـم کـە دەفەرموێـت: (اغتنـمْ خمسًـا قبـل خمـسٍ شـبابَك قبـل هرمـكَ وصحتَـك قبـل سَـقمِكَ وغنـاكَ قبـل فقـرِك وفراغَـك قبـل شـغلِك وحياتَـكَ قبـل موتِـكَ) رواه حاكـم واتـە: پێنـج شـت بـە فرسـەت بزانـە، گەنجیـت پێـش پیریـت، لـەش سـاغیت پێـش نەخۆشـی، دەوڵەمەندیـت پێـش هەژاریـت، دەسـت بەتاڵیـت پێـش سـەرقاڵ بونـت، ژیانـت پێـش مردنـت.
مامە پیرەی ئیسپانی: گریا...
عومـەر عەلـی: فەرمـو هەندێـك ئـاو بخـۆرەوە، بگـرە ئـەو کلێنسـە بـۆ دەگریـت؟ چـی وات لـێ دەکات بگریـت؟
مامـە پیـرەی ئیسـپانی: لـەو پێنجـە، چواریـم لەدەسـت چـوو، ئێسـتە دەزانـم، وە سوپاسـی ئـەو دینـە دەکـەم کـە بـەم شـێوەش هێشـتا هـەر بـە فرسـەت بۆمـی حسـێب دەکات.
عومـەر عەلـی: دینـی ئێمـە دینێکـی گشـتگیرە هـەروەك چـۆن پیرێکـی لەبیـر نەکـردوە منداڵێکیشـی هـەر لەبیـر نەکـردوە، دەسـتم بـدەرێ بـا بڕۆیـن ئـەوە چەندێکـە نانەکەمـان تەواوکـردوەو هـەر دانیشـتوین.
مامە پیرەی ئیسپانی: حەزناکەم لێت جیاببمەوە.
عومـەر عەلـی: مـن تـا ٣ رۆژی تـر لێـرەم، رۆژانـە ٢ کاتژمێـر دانیشـتنم لەگـەڵ زانکـۆی بەرشـەلۆنە هەیـە، دواتـر سـەفەری روسـیاو ئۆکرانیـا دەکـەم، هەمـو رۆژ یـەك دەبینیـن و فێـری نوێژیشـت دەکـەم، تـا کـە سـەرت خسـتە ئـەرز بزانیـت چ بڵێـی.

مامـه پیـرەی ئیسـپانی: خۆزگـه هـەردەم لـه کەسێکەوە نزیـك بوایـەم و ئـەم قسـانەم ببیسـتایە، ئـەوە بەراسـت خـۆ تـۆ پارەکـەی منیشـت دا! ئـەو پـارە زۆرە!

عومـەر عەلـی: هـەوڵ دەدەم کەسێکی ئایینیـت بـۆ بدۆزمـەوە لێـرەو ئـەم قسـانە هـەردەم ببیسـتیت، پارکـەش بـۆ ئیـوە زۆر، بـۆ ئێمـە هیـچ نـی یـە.

مامـه پیـرەی ئیسـپانی: خۆشـحاڵ دەبـم ئـەوەم بـۆ بکەیـت، وە چـۆن پارەکـە هیـچ نیـە لەسـەر زانکـۆ حسـێبی دەکەیـت؟

عومـەر عەلـی: ئەڵبـەت دەتوانـم لەسـەر زانکـۆ حسـێبی بکـەم، ئـەوان حسـێب لەگـەڵ مـن ناکـەن، کاردی بانکـی خۆیـان پێـداوم، بـەڵام مـن بـە دروسـتی نازانـم ئـەم مەسـروفانەی پـێ بکـەم!

مامه پیرەی ئیسپانی: سەیرە!

عومـەر عەلـی: سـەیر نـی یـە، ئەویـش هـەر لـە قورئانـدا هاتـوە، کـە بـۆ بەرژەوەنـدی خـۆت ئـەم پارانـە سـەرف نەکەیـت.

مامه پیرەی ئیسپانی: دیارە زۆر شت ماوەو کە بیزانم.

عومـەر عەلـی: بەڵـێ زۆر هەیـە بـەڵام تـۆ یـەك دەرفەتـت لەبـەر مـاوە، ئەویـش کۆتایـی فەرمودەکەیـە.

مامـه پیـرەی ئیسـپانی: ئەوانـم لەدەسـت چـوو، ناهێڵـم ئەمـەم لەدەسـت بچێـت.

سـی ڕۆژ کاتـی خۆشـمان پێکـەوە بەسـەر بـرد، فێـری نوێـژم کـردو مامۆسـتایەکی ئاینیـم دۆزیـەوەو بەیەکتـرم ناسـاندن. تـۆی گەنجیـش سـەیری فەرمودەکـە بکـەو سـود لـە هەمـو فرسـەتەکان وەرگـرە.

بۆ کارێکـی ئەکادیمی ڕۆشـتم بـۆ زانکۆی بەرشـەلۆنە، دوای گەشـتنم بـە بەرشـەلۆنەو ئیسراحـەت، لە هوتێڵ ڕۆشـتمە دەرەوە بـۆ نانخـواردن، هـەروا چـاوم دەدا بـۆ مەتعەمێکـی حـەڵاڵ، قەرەباڵغیەکـی ئێجـگار زۆر بـو، پیاوێکـی پیـر تەمەنـی حەفتـا سـاڵ دەبـو کەوتـە بەردەمـم، بـە گۆچانێکـەوە بـە سـوکی دەڕۆشـت، گەنجێـك بـە خێـرای رایکـرد بـگات بـە پاسـێکدا قاچـی بـەر گۆچانـی پیاوەکـە کـەوت، گەنجەکـە نەوەسـتا دیـم پیاوەکـە کـەوت، هـەروا سـەیرم دەکـرد گەنجەکـە بگەڕێتـەوە، کەچـی گوێـی نـەدا، پیاویـش بـەلادا کەوتـوە، خـوا نـەکات کـەس گوێـی پـێ بـدات، هەرکەسـم دەدی خۆیـان لـێ لادەدا، منیـش هـەر کوردانـەی و هـەر بـە کوردیـش وتـم دەسـتت بێـرە باوەلـێ گیـان

